هەڵگورد
ژمارە (٢٩)
یەکشەممە ٢٠٠٧/١٢/١٦

# رزگار هاودیانی: مەسەلەی پارێزگاری لە خاکی کوردستان ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەیە، بەڵام گەنجان دەبنە سوتەمەنی پلە یەك

■سازدانی: هێژا شێخ تەها

هەڵگورد: ڕۆڵی گەنجی کورد بە بەراورد لەگەڵ گەنجی کۆمەڵگەی ئەوروپی دا لەچ ئاستێك دایە؟

رزگار هاودیانی: بەراوردکردنی گەنجی ئەوروپی و گەنجی کورد شتێکی نەگونجاوە لەگەڵ یەك، لەبەر ئەوەی ئاستی وشیاری و گەشەکردن و ئەو پێشکەوتنەی لە ئەوروپا هەیە لە هەموو ئاستەکات بە تایبەتی لە ئاستی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی دوو شتی زۆر لەیەکتر جیاوازن و زۆر لەیەك دوورن، لەبەر ئەوە ئەم بەراوردکردنە ئاسان نییە، بەڵام دەکرێت ئێستا ئێمە لەو قۆناغەی کە گەلی کوردی پێدا تێدەپەرێت کە قۆناغێکی لەبارە و زەمینەیەکی ڕەخساوە بۆ گەشەکردن و نەشو نماکردن و بەرەوپێش چوون، پێم باشە سوود لە هەموو ئەو پێشکەوتنانە بکەین کە لە ئەوروپا هەیە، زۆر بە ئاسانی دەتوانین ببینین، گوێمان لێ بێت یا بیخوێنینەوە، بەتایبەتی لە ڕێگای ئینتەرنێت و میدیاکانەوە، بۆیە دەتوانین ئەو شتە باشانەی کە گەنجی ئەوروپی دەیکات وەریبگرین، هەر هەموو شتەکانیشیان هەر باش نین، بەسەدان گەنجی ئەوروپی هەیە کەوتۆتە سەر وێستگەی قیتارەکان و شتی خراپ دەکەن، مخەدەرات بەکار دەهێنێت و تاوانی گەورە گەروە دەکات دەبێ ئاگاشمان لەوە هەبێت.

هەڵگورد: دەتوانین بڵێین گەنجی کورد تەنها شتە خراپەکانی گەنجی ئەوروپی وەردەگرێت؟

رزگار هاودیانی: پێم وانییە گەنجی کورد تەنها شتە خراپەکان وەربگرێت، بەڵام تەمەنی گەنج تەمەنێکی هەرزەکاریە، لەبەر ئەوە هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە زوتر بەلای خراپدا بڕوات، بەڵام مانی ئەوە نییە تەنها شتی خراپ وەربگرێت، ئێستا ئەوە بە دەیان گەنج لەم کۆڕەدا دانیشتوون و پرسیاری ئەوەیان کرد لەپەر چی سەنتەری گەنجان نییە؟ لەبەر چی ئەنتەرنێتمان نادەن؟ لەبەر چی کەناڵی تەلەفزیۆنی نییە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین سەیری کەناڵەکانی وەرزشی بکەین، ئەوە شتێکی خراپی ئەوروپی نییە، شتێکی زۆر باشە، ئەوە شتێکە تەعبیر لە پێشکەوتن و تێگەیشتن و ئاستی بەرزی وشیاری ئەو گەنجانە دەکات.

هەڵگورد: ئایا گەنجی کورد پەروەردەکراوە لە ڕووی سیاسی و فکری و نەتەوەییەوە؟

رزگار هاودیانی: لێرە من ناتوانم بڵێم گەنجی کورد پەروەردە کراوە لە ڕووی هەستی نیشتمانی و نەتەوەییەوە کە دەتوانم بڵێم بەراستی کەمتەرخەمیەکە لەلایەن یەکێتی و پارتیەوەیە، لەم ڕووەوە پێویستە ئێمە هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی گەنج دروست بکەینەوە کە باوەڕی بە خۆی و خاك و نەتەوەکەی هەبێت و هەمیشە خۆی بە خزمەتکاری گەل و خاکەکەی بزانێت و هەوڵ بدات نەتەوەکەی بەرەوپێش بچێت و بە تایبەتیش لەم قۆناغەی ئێستاماندا.

هەڵگورد: ئایا تەمەنی "گوڵ" لە کوردستان ڕەخساوە بۆ گەنج؟

رزگار هاودیانی: تەمەنی گوڵ تەمەنێکی زۆر جوانە، کە پێم وایە "گۆران"یش نەیتوانیوە وەسفی بکات، من زۆر لەوە بچوکترم کە بتوانم ئەو تەمەنەی گەنج وەسف بکەم، بەڵام نابێت ئێمە ئەوەندە ڕەشبین بین کە تەمەنی گوڵمان بۆ نەڕەخسا ئیتر کۆتایی مێژوو وەکو خەو بێنینە پێش خۆمان و هەموو شتێك کۆتایی پێهاتووە، نا..بەڵکو دەبێت لەو تەمەنەی خۆشمان هەوڵ بدەین، ئێستاش قۆناغەکە گۆڕاوە و دەبێت شێوەی خەباتەکانمان بگۆڕین، دەبێت گەنج ئەو زەمینەی بۆ برەخسێت و ئەو تەمەن و خۆشیانەی بەدوایدا دەگەرێت بۆی دەستەبەر بکرێت بەهەر شێوەیەك بێت.

هەڵگورد: بەڕای تۆ پێویست نییە بەر لەوەی پۆست بدەین بە گەنج و پێیدا هەڵبڵێین سەرەتا فێری ئەوەی بکەین کە بیر بکاتەوە و فێری ڕۆشنبیریەکی تەواوی بکەین؟

رزگار هاودیانی: بەڵێ زۆر راستە پێویستە لە سەرەتادا لە داینگاکان لە ڕەوزە لە منداڵیەوە فێری ئەوە بکرێ درۆ نەکات دزی نەکات، سرودی نیشتمانی فێر بکرێ، چۆن خزمەتی خاك و گەلەکەی دەکات، وای لێبکەین فێری شتی وای بکەین کە چۆن کەسێکی تەندروستی لێ دەردەچێت، کەسێك ئینتمای نەتەوەیی زۆر لەلای زۆر بە هێز بێت، وە هەمیشە لە ئایندەشدا ئەوەی کە لە منداڵیەوە پەروەردەی بووە لە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆشدا بتوانێت زۆر باشتر و کارامەتر خزمەتی گەل و خاکەکەی بکات.

هەڵگورد: حکومەت لە کوێ دا خاڵە سلبیەکانی گەنجی چارەسەر کردوە؟

رزگار هاودیانی: ئەو خاڵە سلبیانەی کە هەیە هەموو چارەسەر نەکراون، بەڵام ناشتوانین بڵێین بێویژدانیە بڵێین حکومەت هیچی بۆ گەنج نەکردووە، یان بە شێوەیەکی گشتی هیچی نەکردووە تەنها بەشێکی نەبێت، بەردەوامە لە ئیشەکانیش بەڵام کالآیەکە بەقەد بالآیەکە نییە، هێشتا ماویەتی پێداویستیە گرنگەکانی گەنج جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوە پێویستە حکومەت پێداچوونەوەیەك بکات و هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوە ئەو خاڵە سلبیانە و چارەسەر کردنیان.

هەڵگورد: هەر تاکێکی گەنج لە کوردستان بیر لە دەرەوە دەکاتەوە، ئەمە نابێتە هۆکارێك بۆ نامۆبوونی گەنج؟

رزگار هاودیانی: بیر لە دەرەوە کردن ناکرێت، بەڵام نامۆییش هەیە، پێم وایە خۆی لە خۆیدا بیرکردنەوە مانای ئەوە نییە لێرەدا هیچ نەکراوە، بەڕای خۆم شتەکە بۆتە چاولێکەری، ئەو ماڵەی کوڕێکی لە دەرەوەیە دەبێت ماڵەکەی تریش کوڕێکی لە دەرەوە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کوڕی هەیە، کاریگەری خۆیان هەیە، بەڵام ئەم کەم و کوڕیانە خاڵی یەکەم نین.

هەڵگورد: ئەگەر هاتوو تورکیا هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان کێ پارێزگاری لێ دەکات جگە لە گەنجەکان؟



بەکورتی: رزگار هاودیانی لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی هاودیان لە ناوچەی سۆران لە دایك بووە خوێندنی ناوەندی لە ڕواندز تەواوکردووە، لەوێشەوە چۆتە ئامادەیی لە هەولێر، لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆری توشی گرفتێکی سیاسی هاتوە و نەتوانیوە تەواوی بکات نامەیەکی شەهید (سەید کەریم)ی بۆ هاتوەو، چۆتە شاخ و بووەتە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٨٠-١٩٨١ ، ئێستاش سەرپەرشتیاری ئەمنیە لە ئەنجومەنی وەزیران.

رزگار هاودیانی: ئومێدەوارم هێرش نەکرێت، بەپێی ئەو هەموو زانیاری و ئەو هەوڵە دیبلۆماسیانەی لە ئارادان بە تایبەتی لە ئایندەیەکی نزیك دا وەفدێکی پایە بەرزی هەرێمی کوردستان دەچێتە سەردانی تورکیا،لەوانەیە زیاتر بارودۆخەکان هێور بکاتەوە، کە ئێستاش هێوری پێوە دیارە، مەسەلەی پارێزگاری لە خاکی کوردستان ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکی ئەم وڵاتەیە، بەڵام گەنجان دەبنە سوتەمەنی پلە یەك.

هەڵگورد: تۆ لەو بڕوایە دای گەنج بەشداری لەم ڕووبەڕووبونەوەیەدا بکات؟

رزگار هاودیانی: ئامۆژگاریەکم بۆ گەنجان هەیە، هیچ شتێك بە پەوابتی ئەمنی قەومی خۆی نەگۆڕێتەوە، یان هیچ شتێك نەهێنێتە تەرازووی ئەوەی کە ئەوە ناکرێت، چونکە ئەنتەرنێتیان بۆ من نەهێناوە یان خزموتیان نەکردووم یان ژیانیان خۆش نەکردووم، چونکە ئەوە شتێکی ستراتیژیە پێویستە هەموو گەنجێك بیر لەوە بکاتەوە، کە چۆن گیانی خۆی بەخت دەکات لە پێناوی خاکەکەی، ڕاستە داواکاریەکانی جێبەجێ نەکراوە، بەڵام کارەساتێکەی کە هەڕەشەی نەمانی ئەمنی قەومیت لێ دەکرێت، وەکو گەلی کورد لە ماوەی چل ساڵی خەباتیدا توانی حکومەتی بەعس بڕوخێنێ، ئێستاش حکومەتێکی فیدراڵمان هەیە، لە چەند ساڵی داهاتوشدا دەبینە دەوڵەتێکی سەربەرخۆ.

هەڵگورد: ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی پارتی نەبۆتە هۆکارێك بۆ لاوازکردنی هەندێك خاڵی تایبەتی یان پشت گوێخستنی زۆر کێشە؟

رزگار هاودیانی: ڕێککەوتنی ستراتیژی وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ ئەو دوژمنانەی کە زۆر جار وەکو شتێکی ناشرین بەرامبەر برادەرانی خۆمانیان دەکرد بە تایبەتی لە بەغداد، ڕاستە ڕێککەوتننامەکە نوسراوە، بەڵام وەکو پێویست جێبەجێ نەکراوە، بۆیە ئەرکی سەر شانی ئێوەی گەنجە هەوڵ بدەن ئەو ڕێککەوتننامەی جێبەجێ بکرێت، هەتا زووە ئێمەی کورد تێکەڵ ببینەوە و داواکاریەکانمان یەك بخەینەوە و لایەنگیریشمان زۆرتر دەبن، لەبەر ئەوەی خاکی کوردستان خاکێکی دەوڵەمەندە سەرزەمینەکەی و ژێر زەمینەکەی.

هەڵگورد: لە ڕێککەوتننامەکە دا حساب بۆ حزبە بچوکەکان نەکراوە تەنها لە نێوان پارتی یەکێتی دا بووە؟

رزگار هاودیانی: ڕێکەوتننامەکە زیاتر پەیوەندی بە یەکێتی و پارتیەوە هەیە، لەبەر ئەوەی خیلافەکە زیاتر لە نێوان ئەواندا هەیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە حزبە کوردستانیەکان نین، ئەوەتا ئەنجومەنێکی باڵای پارتە کوردستانیەکان هەیە و هەموو سەرۆکی پارتەکانی تێدا بەشدارە، حزبەکان لە پەرلەمان و حکومەت خەڵکیان هەیە و وەزیریان هەیە.

هەڵگورد:چ پرۆژەیەکت هەیە بۆ خەڵکی چۆمان؟

رزگار هاودیانی:من جارێك داوام لە مەڵبەند کرد کە چی پێویستە بۆ چۆمان بکرێت، چۆمان سروشتێکی جوان و چەندان شوێنی گەشت و گوزاری هەیە، بۆیە پێویستە ئەوە بکرێت کە دەگونجێت، بەڕاستی شتێك بۆ چۆمان نەکراوە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە خۆیان شارەزاییان هەیە، با پرۆژەیەك پێشکەشی حکومەت بکەن لە ڕێگەی قائیمقامیەتی قەزای چۆمانەوە بەرزی بکەنەوە بۆ پارێزگاری هەولێر و ئیشی لەسەر بکرێت بۆ زیاتر خزمەتکردنی ناوچەکە.

# یاسای هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان لەبارەی موڵك داریەتی

بەپێی حوکمی ماددی (١) لە مادەی (٥٦) لە یاسای ژمارەیەکی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٩دا ئەم یاسایەی دەرچوواند، یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ یاسای هەموارکردنی یەکەمی جێ بەجێ کردنی یاسای ڕێکخستنی و کشت و کاڵی لە کوردستانی عێراق ژمارە (٩٠) لەساڵی ١٩٧٥

ماددەی یەکەم: ماددەی (٨) لەیاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ لە هەرێمی کوردستان هەمواردەکرێت بەم شێوەیەی دەخوێندرێتەوە:

ماددەی هەشتەم: یەکەم: هەموو زەویەك کە تەسویەی تەواونەبووبێت یان بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەوی بەپێی یاسای چاکسازی کشت و کاڵی پلەی کۆتایی وەرنەگرتبێت ئەوا بەئەمیریەی صرف دادەندرێت، ئەم زەویانەی خوارەوەی لێ بەدەردەکرێت.

یەکەم: ئەوزەویە کشت و کاڵی و باغانەی کە موڵکی صرفە بەپێی سەنەدی تاپۆکە کە یاسا بە ڕەوای بزانێ.

دووەم: ئەو زەوی و باغانەی کە وەقف کراوە وەقفێکی تەواو بەپێی سەنەدی تاپۆ یان بەڵگەیەکی وەقفی کە یاسا بە ڕەوای بزانێ.

سێ یەم: ئەو زەویانەی بە درەخت چاندراون بۆماوەیەك لەدەساڵ کەمتر نەبێت، تێکڕای ژمارەی درەختەکانی لە دۆنمێك دا لەچل درەخت کەمتر نەبێت.

چوارەم: ئەو زەوی و باغانەی کە بڕیاری ژمارە (٧٠٢) ساڵی ١٩٧٣ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوەشاوە دەیانگرێتەوە.

دووەم: هەرکەسێك گووتی مافی بەکارهێنانی ئەمیری کشتوکاڵیم لەو ناوچانەدا هەیە ، کە تەسویە نەکرابێ، یاخود تەسویەکەی تەواونەبووبێت، یاخود بڕیارەکانی چەسپاندنی مافی زەویەکەی بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧) ساڵی ١٩٧٠ نەگەیشتبوونە پلەی بنبڕی یەکلاکەرەوە، یان ئەوانەی بڕیاری تەسویەکەیان هەڵوەشابێتەوە، ئیسپات بووبێت بەپێی مامەڵەی کشتوکاڵی پێش جێ بەجێ کردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ناوبراو بەکاری هێناوە ئەوا ئەو ڕووبەرەی بەکاری هێناوە بەناوی دەوڵەت تۆماردەکرێت و مافی بەکارهێنانی دەدرێت بەبەکارهێنەرەکە، بەمەرجێك لەو ڕادەیە دەرنەچێت کە لە ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥دا هاتووە، لەگەڵ دەست نەکردنە ئەو مافانەی کە چەسپێندراون بەپێی دەرکردنەکانی لەبڕگەکانی (١ ، ٢ ، ٣ ، ٤) بڕگەکانی یەکەمی ئەو ماددەیە هاتووە.

سێیەم: وەزارەتی شارەوانیەکان لێکۆڵینەوەیەکی گشتی ئامادەو پێشکەش دەکات، بۆ بەیان کردن و دەست نیشان کردنی زەویەکانی دەکەونە ناو ماستەر پلانی شارەوانیەکان، کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەماوەیەکدا کە لەشەش مانگ زیاتر نەبێت لە ڕۆژی جێ بەجێ کردنیەوە، وە پرۆژە یاسایەك بە چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی خاوەنەکانیان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان پێشکەش بکات.

ماددەی دووەم: کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

ماددەی سێیەم: وەزیرانی کشت و کاڵ و شارەوانیەکان بۆیان هەیە ڕێنمایی پێویست دەربچوێنن هەریەك بەپێی تایبەت مەندی خۆی، بۆئاسان کردنی جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی چوارەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

ماددەی پێنجەم: ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی و واقعی کوردستانەوە جێ بەجێ دەکرێت.

**عەدنان موفتی**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com